# ونبوون و سۆراخ!.

**شێرکۆ بێکەس**

**دوێنێ پاییز**
**لە سەفەری بێئاکامی**
**ساڵانەی خۆی گەڕایەوەو**
**هەر لەڕێوە..**
**بەر لەوەی لاباتە ماڵی**
**تەم مژێ لەنێو دۆڵان..**
**یان ژێر کەپرە ڕووخاوەکەی دەشتی کۆستەو**
**یان کوختی قەلەباچکەیەك لە نزاران**
**یان بچێتە لای مامزێکی بێوەژن.**
**هەر لەڕێوە هاتە لای من!**
**لە داڵانێکی خەم ساردی بێ حەواسما**
**جانتای تەپو تۆز لێنیشتووی بێهوودەیی**
**لەسەر سەکۆی چاوەڕوانیم داناو**
**لە حەوشەی دابڕانیشدا**
**کراسی پاری فڕێداو، لەبری ئەو**
**دوا قەسیدەی تراویلکەی**
**منی پۆشیو**
**ئینجا ڕۆیی!**

**- بۆ کوێ ئەڕۆی؟!**
**تۆ چرکەیەك نابێ هاتی**

تۆ لای زەردەو هەڵوەرینم دانەنیشتی؟!
بۆ کوێ ئەڕۆی؟!
جارێ پەلەی چوونت چیبوو
بۆ لای شەوە ڕەقەڵەکانی دارستان؟!
پەلەت چیبوو دیسانەوە
گوێ بۆ هەمان حیکایەتو پووکەپووکی
قامیشەڵان ڕادێریتو
بچیتەوە نێو باوەشی خۆرنشینان؟!
پەلەت چیبوو ئاوی سك سوتاو ببینی؟!
بەم ناوەختە
سەردانی بەردی گریاوو
"با"ی لانەوازی شاخ بکەیت؟!
پەلەت چیبوو. هیچت نەوت
ئەو نازدارەمت چیلێکرد؟!
کە بە سواری ئەنگۆرەیەك
بەر لە ساڵێك
بە جووتە وەك دووانەی لێقەوماوی شیعرو
گۆرانییەك، قۆڵ لە قۆڵی غەریبیدا
سەفەرتان کرد؟!
بۆ کوێ ڕۆیشتی؟!
هێندەی گەڵای بەرپیەکانت
پرسیارم هەبوو لێتبکەم.
هیچت نەوت؟
ئەو نازدارەمت چیلێکرد؟!

بۆ کوێ ڕۆیشتی؟!

★

لەسەر پشتی خواروخێچی
شپرزەییم ڕاوەستابووم.
کە ماڵئاواییم لێکردن
هەر ئەو ساتەیش
شەو داچڵەکیو
ئەستێرەیەك هەڵوەریە سەر
قژی پەریو
قژ بوو بە مۆمدانی تیشكو
تیشك گریاو
ئیتر پاییز وەکوو دایکم
بە فەقیانەی گەڵاکانی
چاوی سڕیو هەمان وەختیش
لە عەزرەتا، پەنجەکانم
خۆیان لە مەچەك کردەوەو
بوون بە پۆلێ ماسیگرەی سپیو
دواتان کەوتن!

پاییز ماینێك بوو زەردباو
یاڵ پەمەیی
دوای حیلەیەك، سەرو کەللەی
بوو بە چراو
دوو باڵی گەورەی لێڕواو

هەر ئەوەندەو بەرزبۆوەو
لە گەوەکانی هەورێکدا
لە چاو ون بوو!

ئێوارەیەك پاییز لەگەڵ خۆیدا بردی.
پاییز ئاو بوو ئەویش گەڵا
پاییز "با" بوو ئەویش "پەڕ"و
پاییز زاری کۆڤانێك‌و
ئەویش سەما!
بەر لە ساڵێك
لە توو‌ناوتوونی ژانێکدا
من هەردووکیانم بزر کرد.
وتم ڕۆژێك کە هاتنەوە
وەك بای وەشت‌و نمەی باران
هەردوو پێکەوە دێنەوە
من سۆراخی عەشقی ئاوابوونی ئەو بووم.
من پرسیارێکی دەروێش‌و
من دەفێکی سەرگەردانی
دواکەوتووی چاوەکەی ئەو بووم!
کەچی وا پاییز هاتەوە ماڵەکەم‌و
ئەو هەر نەهات.
ئیتر وەك ڕەشەبا شێت بووم..
هەڵاتمە سەر دوندی کێوان
پرسیارمکرد لە ڕەوەزێ

**ڕەوەز وتی من نەمدیوە**

**بەڵام کێناڵێ ئەو نابێ**

**هەر لێرەداو**

**هەر لە سەر من**

**بە گوڵێکی شینی نیسان؟!**

**لەگەڵ هەڵما چوومە ئاسمان**

**پرسیارمکرد لە پەڵە هەورێ پێش بارین**

**وتی من لەسەر خەیاڵ نیم**

**لەوانەیشە هاتبێتە ناو منەوەو**

**لە پاش قەیرێ**

**ببێ بە پەپوولەی زەردو**

**لەگەڵ باراندا بباری.**

**ڕامکرد بۆ لای**

**کزەیەکی هەڵتروشکاو**

**لە بەردەمی کەوێڵێکدا**

**وتم تۆ ئەبێ دیبێتت؟!**

**وتی من جارێك ڕاگوزار**

**لەناو مێرگی هەتاوێکدا..**

**ئەوم بینی، لەگەڵ شیعری شاعیرێکدا**

**دەس لە ملان یەکتریان ڕائەمووسی.**

**هەر ئەو جارەو**

**کچ بزر بوو.**

**"نازدارەکەم، ئەو کچێ بوو**

**تێکەڵ لە هەتاوو سێبەر**

**ئەگەر ڕۆژێ هەتاو بوایە**

**منی ئەکرد بە ئاوێنەی ئەو دەشتانە.**

**ئەگەر ڕۆژێ سێبەر بوایە**

**منی ئەکرد بە شەقامێکی زستانە.**

**نازدارەکەم هەردووکیان بوو**

**ژنو درەخت**

**کە پڕ ئەبوو لە گەڵای دار**

**منی ئەکرد بە باڵندەو**

**کە پڕ ئەبوو لە ئاوی ڕوون**

**منی ئەکرد بە گژوگیای**

**دەم بە بزەی بنی دەروون**

**کە لێڵ بوایە منی ئەکرد**

**بە ماسی کوێری ئاوێکی**

**ماتو زەبوون!**

**نازدارەکەم هەردووکیان بوو**

**مۆزیکی هێمنو خێرایش**

**گەر خاو بوایە منی ئەکرد**

**بە تیلماسکێ لە سورایی دەم خۆرئاوا.**

**ئەگەر خێراو بەرزیش بوایە**

**منی ئەکرد بە هەوەسێکی سەرشێتو**

**بە گەرداوێکی ناو زەریا.**

**تاڵی پرچی**

**ژێی شیعرم بوون**

من شەوانە
بەیانیانم پێلێئەدا!
چاوەکانی
دوو دەریاچەی خەونی من بوون
کەڕەت هەبوو لە بنیاندا
نەهێنی جوانیی خوداییم دەرئەهێناو
جاریش هەبوو هەر لەواندا
وشەی وێڵو ئاوارەمیان تیا ئەخنکا!"

دەمە دەمی ئێوارەیەك
پاییز بردی.
کە هاتەوە خێرا ڕۆیشتو
پێی نەوتم لە کوێ جێیهێشت؟!
لەناو کلۆری دارێکی پیرەمێرددا
تا حیکایەتی بۆ بکا؟!
لە کەناری ژنە ڕووبارێکی ماتدا
تا سەربوردەی
جۆگەی کوژراوی بۆ باسکا؟!
لە کوێ؟! لە کوێ؟!
بزریکرد؟!
لە لای دۆڵێکی زۆر کەم دووی
نوقم لەناو تەمتوومان‌دا؟!
لە کام شوێندا؟!
لە کام وێستگەی دەم هەراشو چ شارێکدا؟!

لە ژاوەژاوی ناو بادەی نیوە شەوی چ بارێکدا؟!
لەسەر کام بەستێنی دەریا
وەختێ خەیاڵو چارۆگە
پێکەوە (با)یەك ئەیانبا؟!
لەسەر کام جادەی سەری ساڵ؟
وەختێ تاقە سنەوبەری گەورەی
کڵاو سووری.
سپی سپی ڕیش درێژی
لەسەر یەك قاچ ڕاوەستاوەو
سەوز سەوز پێئەکەنێو
بە دەیان مشت
خۆشیی پرژێنی ئاپوورەی
ڕێبوارانی بن خۆی ئەکا!
ئاخر لە کوێ
تۆ لێت ون بوو؟!
ئەبێ ئێستا، لە کام کافتریای ئەوێدا
لە پشت جامخانەی پاکەوە دانیشتبێو؟
بارانی دەرێ خەیاڵی تەڕبکاتو
هاڵاوی قاوەیەك گەرم، نەرم نەرم
تا بن چەناگەی بڕواتو
لەناو خولیای پەرتو وێڵدا
لەو دیوەوە  تەنیا تەنیا
بڕوانێتە شەقامێکی بێدەربەستو
وەکوو تەماشای نادیارو سەراب بکات

کات بەڕێکات؟!

ئاخر لە کوێ؟!

پاییز جێیهێشت؟!

لەناو کام بەلەمی نوستووی گوێ بەحردا؟!

وەختێ کە ئەو خەو ئەبینێ

"با"یەکیش دێو جاربەجارێ

خۆیو خەوی بەیەکەوە

ڕائەژەنێ؟!

ئاخر لە کوێ بوو ونیکرد؟!

بە چ تیشکێکدا هەڵگەڕا؟!

چووە کام ژووری سیحرەوە؟!

لەگەڵ کام نەورەسدا فڕی؟!

ئاخر لە کوێ بوو ونیکرد؟!

لە کام نهۆمی بازاڕی سوورو سپی کەڵەگەتدا؟!

کە ناهێڵێ بۆ چرکەیەك چاو دابخەی؟!

لە کام شوێندا؟!

لەناو جلی ژنانەدا؟!

خۆ موروو نەبوو لێت ونبێ؟!

مل پێچ نەبوو لێت بکەوێ؟!

دەس کێش نەبوو لەبیرت چێو

لەسەر کورسی ڕیستۆرانێ بەجێیبێڵی؟!

تۆ چیت لێکرد؟!

لەژێر کام چەتری پاسدا بوو

لە یەکتری جیابوونەوە؟!

لەسەر کام کورسی بەردەمی
فوارەی بیست دەست
کە هەندێ جار بە پەنجەیەك
تنۆکێکت بۆ ئەنێرێو
بە حاڵ لاملت تەڕئەکاو
ئیتر خەیاڵ دائەچڵەکێو
بە ناچاریش
شیعر هەڵئەستێتە سەرپێ؟!
لەوێدا بوو؟!
ئاخر لە کوێ لە یەکتری ونبوون؟!
لە میترۆدا؟!
وەختێ پلیکانەی خێرای ماندوونەناس
هەر لەسەرشان هەڵتئەگرێ تا خوارەوەو
لە خوارەوەیش کزەیەکی ساردی تونێل
لە دەمو چاوت ئەداتو لەناو نسرمی
سپۆرتدا ڕائەوەستیو چاو لەسەر کونی
ئەوسەری چاوەڕوانی. تا میترۆ دێت؟!
لەوێدا بوو تۆ سواربوویتو
ئەوت جێهێشت؟!

پاییز زۆر پەلەتری بوو
لە "با"ی ڕەوەندی ڕاونراو.
خێراتریش لە خورپەی دڵی عاشقان
ڕێی ئەکردو

گریمانەیەك، ئەگەرێك، ئاماژەیەك
هیچی نەوت هیچی نەداو
لای خولیایەکی ئاوارەو پەناهێندەم
منی جێهێشت:
خولیا وتی: ئەگەر مابێ، ڕەنگە ئێستا
لە جادەیەکی پاریسدا، لەم شەوەدا، لە سووچێکدا
ڕاوەستابێو تەڵەگوڵی سوور بفرۆشێ بە دڵداران.
ئەگەر مابێ، لەوانەیە ئەو خۆبەخش،
چووبێ بۆ کیشوەری ڕەشو لە شارێکی
دەردەداری پەراسوو دیاری ئەوێدا، بووبێ
بە سیستەرێکی فریشتەی کاڵاسپیو بەدیار
منداڵی نەخۆشو ژنی برسیو باخی سیسو
بە دیار زامی گۆرانیەکی ڕەشەوە دانیشتبێ.
ئەگەر مابێ هەر چۆتەوە ڤینیتسیا،
ئەو ناتوانێ، هەرگیز هەرگیز، واز لە خۆشەویستی
ئاوو، چاوی شیعرو، باسکەکانی "بالێ" بێنێ!.

پاییز نەیوت
لە کام وەرزا بوو ونیکرد؟!
من ئەزانم ئەوەی ئەو پەنای بۆ نەباو
هەرگیز نەچێ، لای قەشەیەو، ژێر بنمیچی
کڵێسایەو ناو دۆعایەو سرووتەکانی
خورافات! ئەگەر بچێ ئەو هەر ئەچێ،
بۆ لای شەپۆلی ئۆپێراو، لای پەیکەرە

ماچی "ڕۆدان". ئەچێ بۆ ژوورەکەی "سیزان"
سەرێك ئەدا لە بیکاسۆو، لەوێشەوە
دائەگەڕێ بۆ ناو کەشتیە سەرخۆشەکەی
شەوی ڕامبۆ. شەوێکیش لای مادام بۆڤاری
ئەنوێتو ڕۆژی دوایی سەفەر ئەکاو
لە کێڵگەیەکی غەمگیندا، چاوی ئەکەوێ بە "گۆگان".

پاییز نەیوت
لە کام وەرزا بوو ونیکرد؟!
گریمانەیەك. ئەگەرێك. ئاماژەیەك
هیچی نەوت هیچی نەداو
لای خەزانێك منی جێهیشت!
خەزان وتی: گەر نەیشمابێ، ڕەنگە ئێستا
خەزان نووسێ، لەسەر کێلەکەی نووسیبێ:
"لێرە بەهارێ نوستوەو کازیوەیەك ڕاکشاوە"
لەوانەیشە ئێستە بووبێ بە کۆترە شینکەی
بەردەمی کاتدرائیە هێمنەکەی ڤینیتسیا"
لەوانەیە هەر ئەو کۆترە هاتبێتە سەر دەستتو
دەنووکی دابێ لە گەنمی شیعرەکانتو بەڵام
تۆ هەر نەتناسیبێ. لەوانەیە بووبێ بە چڵی
دار سێوێو، لە شەوێکی مانگەشەودا، دەستت
بۆ درێژکردبێو گرتبێتتو بەڵام تۆ هەر
نەتزانیبێ دەستی ئەوە کە ئەیگری. ئەشێ بووبێ
بە تیرێژێ لە هەتاوو وەختی نووسین هاتبێتە

سەر مێزەکەت بەڵام تۆ هەر نەتناسیبێو
نەتزانیبێ کە ئەو تیرێژە سپیە قۆڵی ئەوە.
لەوانەیشە لە وەختی سەفەرکردندا خۆیکردبێ
بە درەختێکی سەرەڕێو هاتبێ تا.. ماڵئاواییت
لێبکاتو بەڵام تۆ هەر نەتناسیبێ ئەو درەختە
بەژنی ئەوە. لەوانەیشە ئەو لە شێوەی
ئیلهامێکی سپی پۆشدا هاتبێتو ئەم قەسیدەیەی
نووسیبێو بەڵام تۆ هەر نەتزانیبێ ڕۆحی ئەوە.

پاییز نەیوت
کەی لە یەکتر جوێبوونەوە؟!
تەنها بەهاری هەواڵێ لای پاییز بوو
ناونیشانی ئەوم باتێ!
بەڵام پاییز ڕۆیشتو ڕۆیشتو
لە نسێی چاوەڕوانیدا
بە تەنها منو سۆراخی بێ ئاکامو
ئەم سەرابی قەسیدەیەی
لەگەڵ یەکتردا بەجێهێشت!
پاییز نەیوت
هیچی نەوت!

سلەیمانی
2008/1/1